# بەرنامەو پەیرو و پرۆگرامی پارتی سەربەستیی کوردستان

## پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی دووەم

**رۆژانی ٢٥ تاو ٢٨ی ڕێبەندانی  ٢٧١٢ی  کوردی. بەرامبەر بە ١٤ تا ١٦ی فەبرواری ٢٠١٣ی زاینی**

# پێرست

١ -**دەروازەی یەکەم:** پێشەکی و ئاماژەکانی پێش پرۆگرام. لە لاپەرەی ٤ تا ١١

**بەشی یەکەم:**
پێشەکییەکی پێویست
بارودۆخی ئەمرۆی جیهان
**بەشی دووەم:**
خەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بە گشتی
پێناسەیەکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان
**بەشی سێیەم**
دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ ؟
لێبراڵدیمۆکرات
تیرۆریزمی جیهانی
**بەشی چوارەم :**
ژنان لە روانگەی پارتی سەربەستیی کوردستانەوە.

**٢- دەروازەی دووەم: پرۆگرام،** لە لاپەرەی ١٢ تا١٥

**بەشی پێنجەم:** ئامانجە گشتییەکان . ٥ برگە.
**بەشی شەشەم :** ئامانج و دروشمە ستراتیژییەکان. برگە
هەنگاوی یەکەم بۆ قۆناخی ئیستای خەبات
**بەشی حەوتەم :** ئامانجەکانی پسک لە سەر جۆگرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان
پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
**بەشی هەشتەم:** ئابوری رۆژهەڵاتی کوردستان
**بەشی نۆیەم :** چین و تۆێژەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

**٣-دەروازەی سێیەم : پەیرەوی ناوخۆ.** لە لاپەرەی ١٦تا ٢٢

**بەشی دەیەم :** ناو، پێناسە، ئارم. لە مادەی ١ تا مادەی ٣
**بەشی یانزەیەم :** ئەندامەتی پ س ک . لە مادەی ٤ تا مادەی ٩
**بەشی دوانزەیەم :** پێکهاتەو کۆنگرەو کارەکانی، لە مادەی ١٠ تا مادەی ١٩
**بەشی سیانزەیەم :** ناوەندەکان و رێکخستنەکانی دەرەوەو ناوخۆ، لە مادەی ٢٠ تا مادەی ٢٥
**بەشی چواردەیەم:** پێکهاتەی رێکخستنی مادەی ٢٦
**بەشی پانزەیەم:** داهات و ئابوری

**٤ - دەروازەی چوارەم** : ڕەشنووسی شێوەی حکومەتێکی کوردی بۆ دواڕۆژی ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لاپەرەی ٢٣ تا لاپەرەی ٢٦

**بەشی کۆتایی :** پێناسەی بەرنامەو پرۆگرام. وەک ژمارەی دەروازە، ژمارەی مادە، ژمارەی بەش. ژمارەی برگە، ژمارەی تێبینیەکانی ناو پرۆگرام. لاپەرەی ٢٧

## ١-دەروازەی یەکەم:
## بەشی یەکەم: پێشەکییەکی پێویست:

### تەنیا ڕێگەی ڕزگاری: سەربەخۆیی یەکجاری!

زۆربەی ئەو نەتەوانەی ئەمڕۆ بە فەرمیی لە گۆڕەپانی سیاسی جیهاندان، ئەوانیش سەردەمانێک وڵاتەکانیان ژێردەستەو داگیرکراوبوون، بەشی زۆری ئەو نەتەوانە بە خەبات وتێکۆشانی بەردەوامیان توانیویانە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دابین بکەن و خۆیان لە ژێر ستەمی داگیرکەر ڕزگار بکەن. مخابن کورد کە یەکێک لە گەورەترین نەتەوە گەورەکانی ئەم جیهانەیە تا ئێستاش نەبووەتە خاوەنی قەوارەو لەم سەردەمەدا. کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، واتە کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهانە ئەم نەتەوەیە کە خاوەنی کلتوورێکی ڕەسەن و لەمێژینەیە و خەباتێکی نەپساوە، بێوچان و خوێناوییە. هەزاران ساڵە لەو نیشتمانە پڕپیت و بەرەکەتەیدا دەژی کە ناوی "کوردستان"ە. گەلی کورد کۆڵنەدەرانە وخۆبەخشانە بۆ پاراستنی زمان، کولتوور و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی کە لە لایەن داگیرکەرانەوە هەوڵی لەناوبردن وسڕینەوەی دراوە و نکۆڵی لێکراوە، هەوڵی زۆریان داوە. ئەم گە لە بۆ گەیشتن بە کاروانی شارستانیەتی جیهانیی و ژیانێکی سەربەست و ئازاد کە شیاوی هەر مرۆڤێک بێت خەباتی کردووە. ئەگەر چی لەم پێناوەدا تووشی هەڵدێر و کەندوکۆسپ و زۆر جارانیش بە هۆی پەلاماری بێ بەزەییانەی دوژمن کەوتۆتە بەر هەڕەشەی پاکتاوی ڕەگەزیی، لە ڕاونان و و بەندکردن و لە سێدارەدان و تێرور تا ئەنفال و کیمیاباران، بەڵام چرکە ساتێکیش لە خەباتی خۆی لە بەرامبەر دوژمنانی شۆڤینیستیدا نەوەستاوە و شێلگیرانە بەربەرەکانیی کردووە. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی نە زۆر دووری نەتەوەکەمان بدەینەوە باش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەچۆن سەدان ساڵە کورد لەژێر دڕندانەترین ستەم و پەلامار و ئازاردا بووە و چەندە قارەمانانەو کۆڵنەدەرانە کاروانی خەباتی تا ئێرە هێناوە، هەروەها بە یەکێک لەو نەتەوە ئازایانە لە ئاست جیهان دەبینرێت کە سەرەرای سەدان ساڵ داگیرکاری نەتوانراوە زمان و فەرهەنگی خۆیان لێ بسێندرێتەوە. زۆر لە نەتەوەکانی ئەفریقایی و ئەمریکای جنوبی کە چەند ساڵ وەڵاتەکەیان داگیرکراوە زمان و فەرهەنگی خۆیان لە بیر نەماوەو بە زمانی ئەو وڵاتەی داگیریکردون بووەتە زمانی ڕەسمی وڵاتەکەیان. بەڵام کورد مێژوویەکی پڕ لە شانازیی بۆ خۆی تۆمارکردووە. پاش دابەشبوونی کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەویی ( ١٥١٤)ی ز. بۆ یەکەمین جار کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەم دوو ئیمپراتۆریەوە، هەر لەو دەمەدا بەشێوەی سیستماتیک وبەرنامە بۆ دارێژراو کار بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی خۆجێی میرانی میرایەتیی کوردو دواتر هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەسەڵاتانە کرا کە گرنگترینیان بابان و سۆران وبۆتان بوون. لێرەشەوە ململانێ وپێکەڵپرژانی چەکدارانە لە پێناو دژایەتی دەسەڵاتی بێگانە دەستیپێکرد و چەندین ڕاپەڕین وشۆڕش لە کوردستان قەومان، وەک مێژووی شۆڕشەکانی بابان لەساڵی (١٨٠٦)، حەمەپاشای ڕەواندوز (١٨٣٦)، بەدرخانییەکان (١٨٤٢)، پاش ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە لایەن داگیرکەرانی ڕۆم و عەجەمەوە، خەبات بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لە و دوژمنانەی کورد بە توندیی دەستیپێکرد، سەرەتا ڕاپەڕێنەکەی یەزدانشیر (١٨٥٤-١٨٥٥) هەڵگیرسا، دواتر شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری(١٨٨٠) کە بە ئاشکرا باسی لە سەربەخۆیی ویەکپارچەکردنەوەی خاکی کووردستان ودامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانی دەکرد، کە بەدڵنیایەوە هەرهەموو ئەو شۆڕشانە بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەکردنەوەی خاکی کوردستان هەڵگیرسا بوون.

دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیی و ئاشکرابوونی ڕێکەوتننامەی (سایکس پیکۆ) کە ئاکامی بووبە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی ئێران ، عیراق ، تورکیە ، سووریەدا. گەلی کورد بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو دابەشکردنە نامرۆڤانەیە، شێلگیرانەتر بۆ بەرگریی لە ماف ونیشتیمانی داگیرکراوی بە ئێستاشەوە هەر خەباتیان کردووە و بە شێوەگەلی گونجاوی سیاسی سەردەمیانە وبزووتنەوەی چەکدارانە دڵسۆزانە بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشان. شۆڕشەکانی شێخ محموودی نەمر (١٩١٩-١٩٣١)، سمکۆخانی شکاک (١٩٢٣-١٩١٩)، شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، شۆڕشی ئارارات، بە ڕێبەریی ئیحسان نووری پاشا (١٩٣٩)، شۆڕشەکانی بارزان ( ١٩٤٣-١٩٣١- ١٩٠٨- )، ڕاپەڕینی درسیم بە ڕێبەریی سەید ڕەزا (١٩٣٧)، کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد لە (١٩٤٥) ئەم ڕاستیانە دەسەلمێنن. پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی وخۆبەدەستەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی، بە پێی بەندەکانی ٦٤،٦٣،٦٢ )ی بڕیارنامەی سێڤر لە ئوتی ١٩٢٠ داماڧی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە گەلی کورد ڕەوا دیترابوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئیمپراتۆڕی هەرەسهێناوی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ ئەو شکستەی واژۆ کردبوو. مستەفا کەماڵ ڕابەری ناسیۆنالیستی تورک خۆی یەکلایەنە لە ئانکارا حکومەتی کۆماریی ڕاگەیاند و بڕیارنامەی سێڤری خستە ژێر پێ. بە دوای کۆتایی ئەم شەڕە دا بوو کە بڕیارنامەی لۆزان یان لە ژووئیەی ١٩٢٣ هێنایە گۆڕێ کە بە پێی ئەو بڕیارنامەیە کوردستان نە تەنیا سەربەخۆ نەدەبوو بەڵکوو شتێک بە ناوی کوردستان بوونی نەدەما و لە سەر نەخشەی جوغرافیا دەسڕایەوە. دیارە ئەم حکومەتانەی کە کوردستانیان بە سەردابەشکراوە بە شێوەیێکی نامرۆڤانە و بە دڕندانەترین شێوە کەوتنە سڕینەوەی ئاسەواری ڕابردوی گەلی کورد و بە شێوێکی سیستماتیک کەوتنە هەوڵی لە ناو بردنی فەرهەنگ و کولتور و زمان ومێژووی ئەم گەلە ستەم لێکراوە! هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و جێنۆسایدانەدا بوو کە حکومەتی تارانیش بە لاسایی کردنەوە لە ئاتاتورک نیشتیمانی کوردی بە چەند پارێزگا دابەش کرد، هاوکات هەوڵیان داوە ساڵ بە ساڵ لە ئەتڵەس و جۆغرافیای دەستکردی خۆیانیش لە شار و ناوچەکانی کوردستان بقرتێنن و بیخەنە سەر جوغرافیای گەلانی دیکە و بەتایبەت ناوچە فارس و ئازەری نشینەکان!

لە مێژووی نۆێدا لە ساڵی نەوەدەکان و بەرەو پێشوازی سەدەی ٢١، لە پاش نەهامەتییەکی یەکجار زۆر، مێژوویەکی نۆی بۆ کورد تۆمارکرا. ئەویش ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەرینێکی سەرتاسەری خەڵکی لای باشوری کوردستان توانراوە نزیکەی٦٠% ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستان بکەوێتە دەستی دەسەڵاتی کوردی. لە ساڵی ٢٠٠٣ لە پاش ڕووخانی حکومەتە کورد کوژەکەی سەدام، دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە ئاست کوردستان و بەغدا زیاتر بووە. بەو هیوایە کە ئەم دەستکەوتانە سەربەخۆیی یەکجاری ئەو بەشەی کوردستانی بە شۆێندا بێت. ئیستا ئەو بەشە بووەتە تەنیا ڕووناکاییەک بۆ گشت بەشەکانی دیکەی کوردستان.

**بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان :** لە پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو و سەربەخۆیی گەلانی بندەستی. ئیتر بووە هۆکارێک بۆ هاندانی نەتەوە بێدەوڵەتەکانی دیکە و دروستبوونی چەندین شۆڕش و بزووتنەوە لە جیهاندا. هەروەها هزری کۆمۆنیستی لەناوچەکە بەرەو لاوازی ڕۆشت و ماڵئاوایی لە دەستەڵاتدارێتی کرد. ڕووداو کێشەکانی بۆسنی و هێرزوگۆڤین و سربیاو کۆسۆڤۆ و ئەڵبانیا، چیک و سلوڤاکیا، شەرە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ئەفریقاو بە تایبەت ڕۆژئاوای ئەفریقا، کێشەکانی سۆدان و زۆر وڵاتی دیکەش، کە لە ئاکامدا زۆربەی کێشەی ئەو وڵاتانە بە سەربەخۆبوونی نەتەوە بندەستەکان چارەسەری کێشەکانی دیکە، یەکلایی کەرانەوە.

ڕووداوە مێژووەکەی ١١ سێپتامبری ٢٠٠١ی ئەمریکا کە کوژرانی زیاتر لە ٣٠٠٠ مرۆڤی لێکەوتەوە، ئەوەش

بووە هۆکاری هەڵگیرساندنی چەندین جموجۆڵی دیکەی لەساڵی ٢ هەزارەکاندا. کە ئەمریکا بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئەلقاعیدە، هاوپەیمانییەکی بەرینی دروستکرد و بریاری شەر و لەبەیندانی چەند وڵاتێکی یارمەتیدەری ئەلقاعیدەی دا. سەرەتا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردە سەر ڕژیمی تاڵیبان لە ئەفغانستان، و بە دوا ئەویشدا، سەر ڕژیمی دواکەوتوو و فاشیستی بەعسی ئێراق کە بەختەوەرانە ئەمەی دووهەمیان ڕزگاری بەشێکی زۆرلە خاکی باشووری کوردستانی لێکەوتەوە.

لە ٢٠١٠ بۆ سەرەوە پلانی گۆرینی دیموگرافی و سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی سەریهەڵدا و لە ژێر ناوی بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد، کە لە تونسەوە سەری هەڵدا و لە ماوەیەکی کەمدا سەرۆکی ئەو ولاتە هەڵات و تونس سیتەمێکی دیکەی حوکمرانی تێیدا دروستبوو. پاشان وڵاتانی لیبیا ویەمەن و میسر و، بە بە کوشتنی قەزای سەرۆکی لیبیا، وازهێنانی هەر یەک لە حوسنی موبارەک سەرۆکی میسر و عەلی عەبدوڵا ساڵح سەرۆکی یەمەن، ئەو وڵاتانەش لە ژێر دەستی دەسەڵاتی ئەو کەسانەی کە بە شێکیان زیاد لە ٣٠ ساڵ بوو لە سەر دەسەڵات بوون ڕزگار کرا. هەرچەند ڕزگار بوونی میسر وا پێشبینی دەکرێت بە هۆی دەسەڵاتی ئیخوانەکان و گۆرینی دەستوری ئەو وڵاتە بەرەو ئاقارێکی خراب دەروات. هەروەها ئەو شۆرشی بەهاری عەرەبی تا ئیستاش لە وڵاتی سوریا و بەردەوامە، بە پێێ سەرچاوە باسکراوەکان تا ئیستا باس لە کوژرانی نزیک بە ١٠٠ هەزار کەس دەکرێت. و دیارە ئێران دەستێکی زۆری لە کوشتنی خەڵکی ڕاپەریوی سوریا هەیە، هەروەها دەستی لە هاندانی شیعەکانی بەحرینیش هەیە.

پێشبینییەکان بۆ ڕووخانی سوریا زۆر لەسەرەوەیە، هەروەها لە پاش ڕووخانی سوریا، ئێران دەبێتە ئامانجی دیکەی ئەمریکا وئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیان.

## بەشی دووەم: خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە گشتی

لە هەلومەرجی باسکراوی ئەمڕۆی جیهاندا، هیچ نەتەوەیەکی ٥٠ میلیۆنی وەک کورد بندەست، بێبەش لە مافی سەلماوی نێونەتەوەیی نەماوەتەوە و لە شێوەی کۆلۆنیدا ڕانەگیراوە. بێجگە لەو بەشەی باشووری کوردستان کە بەخۆشییەوە تاڕادەیەکی باش و بەرچاو سەرکەوتنی بەخۆوە دیوە، لە بندەستی دڵڕەقترین دیکتاتۆری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ڕزگاریان بووە وخاوەن نیوەچڵ سەربەخۆیەکن. بەڵام هێشتا جوڵانەوە و ڕاپەڕین و بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی ڕێژیمی داگیرکەر بەردەوامە و بە دڵنیاییەوە تا سەرکەوتنیش هەر بەردەوام دەبێ. هەروەها خەباتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە باکووری وڵات ڕێژیمی تورکییەی ناچار بە پاشەکشەیەکی مێژوویی کردوە. ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە کە قەت ئامادە نەبووە تەنانەت ناوی کوردیش ببیسێ وحاشا لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کوردو وڵاتێک بە ناوی کوردستان دەکرد، ئێستا دان بە ناسنامە و زمانی کوردیدا دەنێت و تلویزیۆنی دەوڵەتی بە زمانی کوردی وەڕێدەخا و باس لە چارەسەری کێشەی کورد دەکات. بە لایەکی دیکەدا بەرخۆدانی کورد لە گشت بوارێکدا وای لە حکومەتی تورکیا کردوە، کە کێشە بکەوێتە نێوان سوپاس و دەسەڵاتی حکومەتەوە.

لەبەشی ڕۆژئاوا یا باشووری بچوکیش شۆڕش بەردەوامە. ئیستا کە ڕاپەرینی بە دژی رووخانی ڕێژیمەکەی ئەسەد سەری هەڵداوە، کورد لەوێدا زۆر بەرچاوە، هێزە سیاسییەکان لە دەوری ٢ ئەنجوومەنی سیاسی لە یەکنزیکبوونەتەوە. گرتن و کوشتنی ڕۆڵەکانمان لە لایەن رێژیمی بەعسی سوریاش لە ڕێژیمەکانی دیکەش کەمتر نەبووە، بەڵام چالاک بوونی دیپلوماتیەتی کوردەکانی ڕۆژئاوامان کارێکی وایکردوە کە ئەو ڕێژیمە دژە کوردەی سوریا ناچار بکرێت کە هیندێک دڕندەیی لە ئاست گەلی کورد کەمکاتەوە. دیارە لە پاش کارەساتەکانی قامیشلۆ و تێرۆری ڕێبەری ئاینی ونەتەوەیی شێخ مەعشوق خەزنەوی پێشێلکارییەکانی سوریا بەدژی گەلی کورد زیاتر هاتە نێو میدیاکانی جیهانەوە.

نەتەوەی کورد کە نیشتیمانەکەی دابەشکراوە، قەت ئەو سنوورە دەستکردە و زۆرەملییەی داگیرکەرانی بە ڕەسەن و فەرمی نەناسیوە، چونکە لە بواری زمان و زێد و نیشتمان و شێوەی ژیان ونەریتی کۆمەڵایەتی و کولتووریەوە یەک نەتەوەیە. کێشانی سنووری زۆرەملی لە کوردستاندا هەرگیز نەیتوانیوە لەتبوونی نیشتمان و لێکدابڕانی مەعنەوی وهەستی نەتەوەیی بە سەرکورددا داسەپێنێ. کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان لە مەهاباد سەلمێنەری ئەم راستیەیە، کە لە هەر چوارپارچەی کوردستان تێکۆشەرانی ئەو گەلە بە بێ ڕەچاوگرتنی سنووری دەستکرد وداسەپاو و یاسای حکوومەتەکانی داگیرکەر، ڕوویان دەکردە ئەو بەشەی نیشتمانی ئازادکراویان بۆ بەشداری لە و خەباتدا. ئیستاش بە خۆشیەوە دەبینین بە سەدان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن .

## پێناسەیەکی کورتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەباری جۆغرافیەوە هاوسنوورە لەگەڵ خاکی چەند نەتەوەیەک، کە خاکی هەموان لە لایەن ڕیژیمی ئێرانەوە داگیرکراوە.
ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد لە (٢٠٠ ٠٠٠) کیلۆمیتری چوارگۆشە، بەڵام لە ڕوانگەی داگیرکەرانەوە بە (١٥٠ ٠٠٠) کیلۆمیتری چوارگۆشەش پێوانە ناکرێت.
وێڕای پارچەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، هەر لە ماکۆ وە تا ئیلام خاوەنی دەیان شۆڕش وجووڵانەوەی نیشتمانپەروەرانەیە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانازی دامەزراندنی دووەمین دەوڵەتی هاوچەرخی سەربەخۆی کوردستانە لە مێژوی گەلەکەماندا! واتە لە پاش حکومەتەکەی شێخ مەحمودی مەلیک کە ناسناوی دەوڵەتی باشوری کوردستانی پێوە بووە. کۆمارە تەمەن کورتە دیمۆکراتەکەی کوردستان، کە ئەمرۆ بووەتە مێژوویەکی پڕ لە شانازیی بۆ هەموو گەلی کوردستان، یەکێکە لە خەباتە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بناغەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان ڕاگەیاندبوو.
ئەگەر چی هەلومەرجی ئەو کات ڕێگای نەدا کە ئەو دەوڵەتە کوردیە بتوانێ هەموو شارەکانی کوردستان بێنێتە ژێر دەستەڵاتی خۆی، بەڵام  ناوچەی مووکریان و بەشێک لە ناوچەکانی ئەردەڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەڕێوە دەبرد. بەداخەوە ئەو کۆمارە تەنیا ١١ مانگ توانی خۆی بگرێت و بە دوای پشت چۆڵکردنی لە لایەن سۆڤیەتەوە، هێزە تەیارەکانی حاکمی ئەو کاتی ئێران هێرشی هەمەلایەنەی کردە سەری و کۆتاییان بە تەمەنی هێنا! دیارە ڕووخانی کۆماری کوردستان هۆکاری زۆرە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنە و زانستیانە هەیە کە لەم بەرنامە و پڕۆگرامەدا ناگونجێت، و هەر بەمە ئیکتیفا دەکەین.

## بەشی سێیەم :دامەزرانی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ؟

بە لەبەرچاوگرتنی هەل ومەرج و بارودۆخی باسکراو و بە هەستکردن بە بەرپرسایەتیەک کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز، لە ئاست بندەستی و بێبەشی نەتەوەکەمان و چەوسانەوەی زەحمەتکێشانی کوردستان، هزرێک لە لایەن تاکێکەوە چرۆی کردو پاشان گەیشتە کۆمەڵێک کوردی سەربەخۆخواز وشۆڕشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتێکی نوێی سیاسی وپێشکەوتنخواز و ودیمۆکراتیان، بۆ کارکردن لە پێناو چەسپاندنی بیری نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی **"پارتی سەربەستیی کوردستان"** دامەزراند. دامەزرێنەرانی ئەو پارتە لە ماوەی ٧ساڵدا بەخەبات و تێکۆشانیدا، توانیوێتی کۆمەڵێکی زۆر لە کوردە نەتەوەیەکان لە دەوری پرۆگرامی خۆی کۆبکاتەوە. هەروەها گۆرانکارییەکی زۆر لە هزری بەرەو بیری نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستبکات. بگرە گەرم و گوربوونی پارتی سەربەستیی کوردستان لە مەر خەبات بۆ سەربەخۆیی یەکجاری، هاندەری زۆر حیزب ولایەنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، کە لە ژێر فشاری ئەندامان وبەدەنە لاوەکانیان گۆرانکاری لە بەرنامەو پرۆگرام و ستراتیژی خۆیان بکەن. ئەم پارتە بەردەوام لە نێو لاوانی کوردستانی وەک پارتێکی نەتەوەیی، سەربەخۆخواز و دەوڵەتخواز درێژە بە تێکۆشانی دەدات.

## لیبراڵدیمۆکرات :

لیبرالیزم
Libêralism

لە یەکەمین کۆنگرەی پارتی سەربەستیی کوردستان هزری **لیبراڵ دیمۆکرات** وەک فکرێکی رامیاری (سیاسی) نوێ لە لایەن ئەم پارتەوە دێتە نێو سیاسەتی رۆژهەڵاتی کوردستان. لە مێژ ساڵە پارتەکانی کوردستان دروشمی دوارۆژیان کوردستانێکی کۆمۆنیست، سوسیالیست یا سوسیال دیمۆکرات بووە، ئەمەش وای کردوە کە زیاد لە نیوسەدە جووڵانەوەی کوردی هەر لە نێو ئەو بازنەدابمێنێتەوە! کە چی لای هەڵگرانی ئەو باوەڕە، لیبرالیزم بە رێبازێکی نەگونجاو و نالە بار پێناسە کراوە، لانیکەم تا ئێستا هەلێکیش نەخوڵقاوە کە لیبرالیزم وەک خوازیاری مافی ژیان، ئازادی، بژیو بۆ هەموو مرۆڤێک خۆی بناسێنێ و لە کوردستانیش بێتە تاقیکردنەوە! بۆیە پارتی سەربەستیی کوردستان بە پێی هەڵسەنگاندی مێژووی لیبرالیزم لە جیهاندا کە ئوروپا وئەمریکا نموونەیەکی بەرچاوی ئەو سیستەمە هزریەن. دیسانەوە لە کۆنگرەی دووەمی پارتی سەربەستیی کوردستان بڕیاردرا کە **لیبرال دیمۆکرات،** بکات بە ئیدئۆلۆژی دوارۆژی خۆی لە کوردستاندا. واتە کوردستانێکی سەربەخۆ و سەربەست ولیبراڵدیمۆکرات. واتە لیبراڵێکی کوردی، کە لەگەڵ فەرهەنگ و نەریتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بگونجێت.
رێبەرایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بە پێی هەڵسەنگاندنێکی بنەڕەتی و زانستی بەم ئاکامە گەیشتووە کە لە جیهاندا ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی لیبراڵ دیمۆکراتیان هەیە هەم حکومەتەکەی و هەمیش گەلەکەیان لە زۆر بواری سیاسی وئابورییەوە حەساونەتەوە.
لە ڕوانگەی پسک وە لیبرالیزم دەتوانێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و پیشەسازی وئابووری و کۆمەڵایەتییەوە رەخسێنەری هەلێک بێت کە دانیشتوانی تێیدا بحەسێنەوە.

**تێرۆرێزمی جیهانی:**
پارتی سەربەستیی کوردستان، هەموو جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ژێر هەر ناو و ناتۆرەیەک بێت، لە لایەن هەر گروپ و لاتێکی دەسەڵاتداریش بێت ئیدانەی دەکات، بە گوێرەی توانایی و ئیمکاناتی خۆی دژی تیرۆریزم دەوەستێ. وەک پرینسیپ و سیاسەتی پسک، خوازیاری ئاشتی و هێوریە لە کوردستان و جیهاندا. گەلی کورد یەکێک لەو گەلە ئازادیخواز و ڕزگاریخوازانەی جیهان بووە، کە بەردەوام بووەتە ئامانجی تروریستان و نەیارانی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەیی کورد.

بەشی دووەم: ژنان لە ڕوانگەی پارتی سەربەستیەوە.



پارتی سەربەستیی کوردستان، هەوڵدەدا بە دژی فەرهەنگی نەخوازراو دواکەوتووانە کە بە سەر کۆمەڵگای کۆمەڵگای گەلی کوردا سەپاوە بەرامبەر بە ژنان هەڵوێستی هەبێت، و بە بەرنامەو پرۆژەی تایبەت بۆ هۆشیاری کۆمەڵگا لە ئاست مافەکانی ژنان تێبکۆشێت.

هەوڵدەدا بۆ بەشداریکردنی ژنان ڕێکخراوەکان وسەرکردایەتی پارتیدا، و پێسپاردنی ئەرکی بەرپرسایەتی لە بوارە جیاوازەکاندا. هەروەها پشتیوانی لە ڕێکخستنی بەرنامە و پرۆژەی تایبەت بە دژی نەریتی فرە ژنی، ژن بە ژنە، ژن کوشتن لە ژێر ناوی پاراستنی ناموس و زۆر نەریتی دیکە کە زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت هەڵویستی هەبێت. بۆ هەر کام لەو پرۆژانە بە پێی تواناو ئیمکاناتی ئابوری و سیاسی پشتیوانی لە ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، وەک پرۆژەی دواڕۆژی کاری پارتیمان لە کوردستانی رزگار کراودا، وەک یەکەم هەنگاو هەوڵدەدا بۆ دابینکردنی یاسای تایبەت کە پشتیوانی لە مافەکانی ژنان بکات.

## دەروازەی دووەم: **پرۆگرامی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

**بەشی پێنجەم:** ئامانجە گشتییەکان

برگەی ١- "پارتی سەربەستیی کوردستان" نیشتمانی کورد بە هەموو پارچەکانیەوە بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردیش بە یەک نەتەوە دەناسێ، ئەو سنوورانەش کە خراونەتە نێوان بەشەکانی کوردستان و بە ڕواڵەت لەتیان کردووە، بە دەستکردی داگیرکەر وسنووری زۆرەملییان دادەنێ و بە ڕەسمییەتیان ناناسێت، بەڵام لەم هەلومەرجە ناسکەدا، پارتی سەربەستیی کوردستان بەپێێ چەندین هەڵسەنگاندنی ڕامیاری(سیاسی) وستراتیژیکی ڕۆژ لە ناوچەکەدا، خەبات وتێکۆشانی ئێستای تەرخان دەکات بۆ بەشی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە کوردستانی بندەستی ڕێژیمی ئێران.

برگەی٢ ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، خۆی بە پارتی هەموو دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت، و بەپێێ جاڕنامەی مافی مرۆڤ بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان هەوڵدەدات. هەروەها بێجگە لە گەلی کورد ئەم کەمایەتیانەش لە کوردستان دەژین کە بریتین لە: ئازەری و ئەرمەنی، ئاسۆری لە پرۆژە و سیاسەتی پارتی سەربەستیی کوردستاندا بە هاووڵاتی کوردستان دەناسرێن، و مافیان لە هەمووبوارەکانی ئابووری ،کۆمەڵایەتی ،فەرهەنگی ، دەپارێزرێت.

برگەی ٣ ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، بەگوێرەی توانا لە تێکۆشانی هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان پشتیوانی دەکات.

برگەی ٤ ـ پارتی سەربەستیی کوردستان لە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی و دیمۆکراتیکی و ئازادیخوازیی سەرانسەری گەلانی بندەستی ئێران پشتیوانی دەکات.

برگەی ٥ ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، لایەنگری ئاشتی و هێمنایەیی لە جیهانە، لە خەباتی گەلانی بندەست و چەوساوە بۆ ئازادی ودیمۆکراسی ولە نەهێشتنی زوڵم و زۆر و چەوسانەوە پشتیوانی دەکات و بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤ بەگوێرەی بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەگەڵ هێزە دیموکراتەکانی جیهان تێدەکۆشێت.

### بەشی دووەم : ئامانج و دروشمە ستراتیژییەکان

دروشمی پارتی سەربەستیی کوردستان بریتیە لە:

بڕگەی ١- پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیمۆکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بڕگەی ٢ ـ وڵاتی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگوێرەی یاسا وڕێوشوێنی پەسەندکراوی زۆربەی شارومەندانی وڵات کاروباری دەوڵەتی بەڕێوە دەبات.

بڕگەی ٣ ـ وڵاتی دیمۆکراتی کوردستان خاوەنی پەرلەمانی نەتەوەیی دەبێ کە ئەندامانی ئەو پەرلەمانە پێک هاتبن لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، کە بەگوێرەی ئاپۆڕەی گەل لە ناوچەکاندا لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

بڕگەی ٤ - وڵاتی دیمۆکراتی کوردستان، لە ڕێگەی ئابووری و پرۆژەی ئابوریەوە لە بەرژەوەندی هەمو چین و توێژێکی وڵات کەڵک وەردەگرێت.

بڕگەی ٥ - ئامانجی دواڕۆژی پارتی سەربەستیی کوردستان سیستیمێکی سێکولاری مۆدێرنی لیبراڵ دیمۆکراتە. بە شێوە دارشتنی لیبرالیزمێکی کوردی.

**هەنگاوی یەکەم بۆ قۆناغی ئێستای خەبات:** پارتی سەربەستیی کوردستان، لە هەلومەرجی ئێستای خەباتدا لە هەر دەستکەوتێکی سیاسی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی نەتەوەکەمان لە هەر بەشێکی کوردستان کە بەدەستی بێنێ پشتیوانی دەکات. هەر هەنگاوێکی ئەوتۆ بە پلەیەک دەزانێ بۆ پەرەی خەبات بەرەو بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی. بەڵام "پارتی سەربەستیی کوردستان"، وێڕای پشتیوانی لەهەر چەشنە سەرکەوتنێکیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واز لە چالاکی و تێکۆشانی سەربەخۆییخوازیی خۆی ناهێنێ، بەردەوام خەبات دەکات بۆ ئەوەی ئەو بیرە بتوانێ دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنێ.

بڕگەی ١ ـ پارتی سەربەستیی کوردستان لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان هاوکات لەگەڵ بەرەو پێشبردنی ئەرکی سیاسی و تەشکیلاتی خۆی، لە کاتی ڕزگار بوونی خاکی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە هەڵدەگرێت:

ئا- هەوڵدەدا بە هاوکاری هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکەوە بۆ پێکهێنانی پەرلەمان و وەزارەتەکانی کوردستان.

ب- دانانی یاسایەکی بەپەلە، کە بە شێوەی ڕەشنووسی، لە لایەن خەڵکەوە دەنگی پێ بدرێت.

پ- پەرەدان و گەشەکردنی زمان، ئەدەب، فەرهەنگ و هونەری کوردی.

ت- ڕێزگرتن و پەرەپێدانی داب و نەریتی نەتەوایەتی کورد لە هەموو بەشەکانی کولتووریدا.

ج - دانانی فێرگە و قوتابخانە بە زمانی کوردی بۆ منداڵان و لاوان و گەورەساڵان لە گوند و شار.

چ– ڕێکخستن وهاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتیی، ئابووری و فەرهەنگیەکان، هەروەها بۆ دروستکردنی سەندیکا و ڕێکخراوە مەدەنیی و پیشەیەکان.

ح– سەلماندنی مافی یەکسان بۆژنان وپیاوان لە هەموو بوارەسیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکاندا، و هاندانی ژنانی کورد بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی دیمۆکراتیکی تایبەتیی خۆیان و هاتنەمەیدانی خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستی و چەوسانەوە.

خ ـ هاندانی لاوانی کورد بۆ فێربوون و داهێنان وپاراستنی داب ونەریتی ڕەسەنی جوانی کوردەواری، پێکهێنانی ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان و بەشداری و چالاکی فەرهەنگی، هونەری و خەباتی سیاسی.

د- سەلماندن و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەیی وکولتوری کەمایەتیەکانی دانیشتووی کوردستان و نەهێشتنی هەڵاواردەیی وجیاوازی و هانی بەشداریکردنیان لە خەباتی ڕزگاریخوازی و کاروباری کۆمەڵایەتی.

ر- سڕینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی داگیرکاری لە ناوچەکانی کوردستان.

## بەشی حەوتەم : ئامانجەکانی پسک لەسەر جۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ئا : پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵ دەدا:**

برگەی ١- بۆ دیاریکردن و ناساندنی تەواوی جۆغرافیای خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سنوورەکانیەوە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان لەگەڵ گەلانی دراوسێمان وەک فارس، ئازەری وعەرەب هتد.

برگەی٢- .بۆپشتیوانی دادوەرانی نێونەتەوەیی بۆ هێنانەوەی شار وناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر جوغڕافیای کوردستان بە پێی بە لگە نامە مێژوویە کان،شوێنە کانی کە پێشوو بە مەبەست وپیلانی تایبەت لە سەر جۆگرافیای کوردستانیان دابڕیون.

برگەی ٣ - هەوڵدان بۆ داڕشتنەوەی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ (٧) پارێزگا، بە پێی بەڵگەی مێژوویی یاسای سەرژمێری جیهان بۆ پارێزگاکان.

**ب : پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

تا ئەم سەردەمەی کە جووڵانەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتە، بەشێکی کەم لە خاک و ناوچەکان بەڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە، بەرنامە و پڕۆژەی داهاتووی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ ناساندن وگەڕاندنەوەی ناوچەکانی کوردستان بە (٧) پارێزگا، کە بەم شێوەیە خوارەوەیە:

١ـ پارێزگای کرماشان.

٢ـ پارێزگای ئیلام.

٣ـ پارێزگای لوڕستان.

٤ـ پارێزگای ورمێ.

٥- پارێزگای سنە.( ێەردە لان)

٦ـ پارێزگای هەورامان.

٧ـ پارێزگای مووکریان.

## بەشی هەشتەم: ئابوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پارتی سەربەستیی کوردستان، هەوڵ دەدا بۆ:
ناساندن وئاشکراکردنی سامانی شاراوە و داگیرکراوی ئابوریی وڵاتی کوردستان لە گشت بوارێکدا، هەروەها لەڕێگەی حکوومەتی هەڵبژێراوی کوردستانەوە پێشنیاری بانگهێشتنی کومپانیاکانی نێونەتەوەیی دەکات بۆ وەگەڕخستنی ئەو سامانە شاراوانە، بۆ ئەوەی بناخەی ئابووریی وڵاتی کوردستان گەشە بکات. پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵدەدا کە: لە ڕێگەی دارایی وسامانەکانی کوردستانەوە لە هەموو شارەکان و لادێکانی کوردستان زانکۆ وکارگە وشوێنی خزمەتگوزاری دروست بکات. هەوڵدەدا بۆ

بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لە گوندەکاندا و هەروەها هەوڵدەدا بۆ دابینکردنی کەرەسەی پێویست بۆ جووتیارانی کوردستان. هەوڵدەدا بۆ کردنەوەی کارگەی جۆراوجۆر بۆ گەشەی ئابووری لە کوردستاندا.

پارتی سەربەستیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەو بوارەدا گەلێک پێوەندی وئاشنایی پێکهێناوە، بەردەوامیش دەبین بۆ ئاسانکاری پێداویستییەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## بەشی نۆیەم: چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکانی جیهان جیاوازی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین ئەتنیک ،زاراوەو ئاینی جیاواز هەیە. کە بەم شێوەی خوارەوە پێناسە دەکرێن.

١، بێجگە لە ئاینی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، ئاینی دیکە وەک زەردەشت ویارسانی کە بە دووەمین ئاینی ناوچەکە دەناسرێن کە سەدان هەزار کەسیش لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام پەیرەوانی ئەو ئایینانەن، هەروەها ئایینی بەهایی وجولەکەو مەسیحی ( فەلەیی ) لە ناوچەکانی کوردستاندا هەن، پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵدەدا بۆ بە دەستهێنانی مافی ئەو کەمە نەتەوەو کەمە ئایینانە، وەک هاوڵاتیەکی کوردستانی و لە بودجەو پرۆژەکانی کوردستان بێبەش نەکرێن.

٣- دەروازەی سێیەم :

## پێڕەوی ناوخۆی پارتی سەربەستیی کوردستان

**بەشی دەیەم :** ناو، پێناسە، ئارم. ڕەنگ، سرود، لە مادەی ١ تا مادەی ٤

### مادەی یەکەم: ناو

١. ناوی پارت، (پارتی سەربەستیی کوردستان) ە. بە ڕێنووسی لاتینی **Parti Serbesti Kurdistan**

٢. ناوی پارت بە ئینگلیزی **(Kurdistan Independent party)** یە. بە فارسی و بە عەرەبی دەبێتە (حزب سربستی کوردستان)

٣. کورتکراوەی پارتەکە بە کوردی دەبێتە (پ س ك) کورتکراوەکەی بە ئینگلیزی و پیتی لاتینی دەبێتە **(P.S.K)**.

### مادەی دووەم: ئاڕمی پارتی سەربەستیی کوردستان و پێناسەکەی.




١. نەخشەی کوردستان بەڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانەوە.
٢. ڕەنگی سەوز مانای سەرسەوزیی و ئاوەدانی کوردستان دەگەیەنێ.
٣. گوڵەگەنم، بەنیشانەی دەوڵەمەندیی کوردستانە لە بواری کشتوکاڵدا.
٤، ڕەنگی شینی تۆخ کە ئارمەکەی لە نێۆ دانراوە، هیماو ڕەنگی پەسەندی پسک
٥. دوو باڵندەی ئازادکراو لەقەفسی داگیرکەر، بە نیشانەی ڕزگاریی و سەربەخۆیی خاک و خەڵکی کوردستان لە قەفەسی داگیرکەران.
٦. ڕەنگی سووربە مانای ئەوەیە کە گەلی کورد لە پێناو سەربەخۆیی و سەربەستیی کوردستاندا خوێنی زۆری داوە و لە داهاتووشدا ئامادەی هەمەجۆرە فیداکارییەکە بۆ خاک و وڵاتەکەی خۆی.

نووسراوەی **P.S.K** کورتکراوەی ناوی "پارتی سەربەستیی کوردستان"ە.

### **مادەی سێیەم: سرودی نەتەوەیی و سەرودی تایبەت بە پسک**

سرودی ئەی ڕەقیب وەک سرودی نەتەوەیی، سرودی سەربەستیی وەک سرودی تایبەت بە پارتی سەربەستیی کوردستان، لە لایەن پارتی سەربەستیی کوردستانەوە پەسەندکراوە.

**مادەی چوارەم: پێناسە**: پارتی سەربەستیی کوردستان، پارتێکی ڕامیاری ورزگاریخواز و دیمۆکرات وپێشکەوتووخوازە، لە پێناو وەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات.

ئەم پارتە تێدەکۆشی بۆ دیمۆکراسی و ئاشتی و ئازادی، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، ڕێزی بەرامبەر بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکان، هەروەها هەموو چین و توێژەکانی دانیشتووی سەر خاکی کوردستان.

### **ماددەی پێنجەم:**

ڕەنگی شینی تۆخ وەک هیمای تایبەت و ڕەنگی هەڵبژێراوی پسک بۆ کارەکانی پسک

## **ئەندامەتی لە ڕیزەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان**

هەموو هاونیشتمانێکی دانیشتووی کوردستان، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بژین دەتوانن داوای ئەندامەتی لە پارتی سەربەستیی کوردستان بکەن، بەم مەرجانەی خوارەوە:

ئا: باوەڕەی بەسەربەخۆیی کوردستان هە بێت، وڵاتانی داگیرکەری خاکی کوردستان، بە داگیرکەر بزانێت.

ب: تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت،

پ: بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی پارتی لاپەسند بێت. بە مرۆڤێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر بناسرێ، کەسێکی زیانبەخش بۆ کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی نەبێ.

### **ماددەی شەشەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام**

دەبێت فورمی داواکاری ئەندامەتی پڕ بکاتەوە، ئەو فورمە لە لایەن نزیکترین ڕێکخراوی پسک، پەسەند بکرێت وبنێردرێتە ئۆرگانی پێوەندیدار بە وەرگرتنی ئەندامان کەناوەندی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ ودەرەوەیە. لە لایەن ناوەندی ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی **پ س ک** بناسرێت و ماوەی چاودێری تێپەڕ بکات، ڕابردووی خراپی نەبێت و لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی داگیرکەرانی کوردستان پێوەندی نەبووبێت. پێویستە دوای لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر داواکاریی بەئەندامبوون، مافی بەئەندام وەرگیرانی لە لایەن بەرپرسی ناوەندی ناوخۆ و دەرەوە واژۆ بکرێت.

### **ماددەی حەوتەم: ئەرکەکانی ئەندامی پسک**

ئا: تێ بکۆشێ بۆ بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی وسەربەخۆیخوازی لە نێو چین و توێژەکانی کوردستاندا.

ب: تێ بکۆشێ بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتیمان کە لە بەرنامەکەدا هاتوون، و سیاسەتی پسک لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە.

پ: هەوڵبدات بۆ پاراستنی نهێنییەکانی پسک، تەبایی نێوان ڕیزەکانی پسک و هەروەها پاراستنی پرینسیپەکانی ڕامیاری سیاسیی پسک.

ت: پەیرەوی تەواو بکات لەو بەرنامە و پرۆگرامەی کە پەسەندکراوی کۆنگرە وخاوەنی زۆرینەی دەنگی

ئەندامانە.

ج: لە ڕێکخراوێکی تایبەتی پسک تێکۆشانی هەبێت، مانگانەی دیاریکراوی ئەندامەتی بدات.

## ماددەی هەشتەم: ئەندامی پشتیوان پلە B ب.

هەر کوردێک ئامادە بێت پشتیوانی پسک بکات، بەڵام ئامادە نەبێت مەرجەکانی سەرەوەی ئەندامەتی جێبەجێ بکات، دەتوانرێت پلەی " پشتیوان" هەوادار یا لایەنگری پێ بدرێت، "ئەندامی پشتیوان" بە پلەی ب، هەموو مافەکانی ئەندامەتی نیە. ناتوانێت لە کۆبوونەوە وکۆنفرانسی تایبەتی وناوخۆیی ئەندامان بەشداری بکات وخۆ کاندیدبکات. بەڵام دەتوانێ لە ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان خۆی هەڵبژێرێ وچالاک بێ.

## ماددەی نۆیەم: مافەکانی ئەندامی پارتی

ئەندامی پارتی سەربەستی مافی ئەوەی هەیە کە:

١. بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی پارتی، خۆی هەڵبژێرێ.

٢. لە کۆبوونەوەکانی پارتیدا ڕەخنە بگرێ و پێشنیاری پێویست بدا.

٣. لەسەر هەر ئۆرگانێك لەلای ئۆرگانی سەرەوەتر داوا پرکاتەوە ئەگەر شتێکی خراپی بەدیکرد.

٤. ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە وڵاتانی ئوروپا، ئەمریکا، ئوسترالیا، وڵاتانی دیکەی دیمۆکرات مافی ئەوەیان هەیە: ببنە ئەندامی یەکێک لە پارتەکانی ئەو وڵاتانە، بۆ ئەوەی هەوڵبدەن لە ڕێگەی ئەو پارتانەوە کێشەی وڵاتە داگیرکراوەکەیان بە دانیشتووانی ئەو وڵاتەی لێی دەژین بناسێنن و پشتیوانی بۆ کۆکەنەوە.

## ماددەی دەیەم: لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتی و سزادانی ئەندام

بۆ لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتی پێویستە ناوەندی ئەندام وەرگرتن بڕیاری لە سەر بدات، لێژنەی سەرۆکایەتی پێداچوونەی پێدابکات و بۆچوونی خۆی لەسەر بنووسێت.

لەبەر ئەم چەند هۆیانەی خوارەوە مافی ئەندامەتی لە ئەندامان وەردیگیرێتەوە:

١. دەست پیسی

٢. بڵاوکردنەوە ی مادەی بێهۆشکەر یا هەر شتێکی دیکەی مەترسیدار لە نێو خەڵکدا.

٣. ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر بە خەڵک.

٤. سیخوڕی یان پێوەندی نهێنی بە هەر پارتێك یا لایەنێک کە دژایەتی لەگەڵ کورد دەکەن.

٥، هەڵسوکەوتی خراپ لە نێو خەڵکدا بەپێچەوانەی پرینسیپ و پێڕەوی نێوخۆیی پارتی.

## ماددەی یانزەیەم : پێکهاتەی پارتی

پەیکەری بنەرەتی شێوەی داڕشتنی پارتی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە: هەموو ئۆرگانەکانی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرێ بە دەنگی زۆرینە هەڵدەبژێردرێن. ئۆرگانەکانی پارتی بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی چالاکی خۆیان بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەن. لە نێو پارتیدا بۆ هەموو ئەندامان بێ جێوازی یەك دیسیپلین هەیە، بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەتر بەڕێوە دەچێ. تاك پەرەستی و تاک بڕیاری و سەرەڕۆیی لە پارتیدا جێگای نیە.

## ماددەی دووانزەیەم: کۆنگرەی پارتی

بەرزترین ئۆرگانیپارتی کۆنگرەیە. کۆنگرە هەر٥ساڵ جارێك لە ئەندامانی ئەسڵی وجێگر وڕاوێژکارانی

کومیتەی سەرکردایەتی، هەروەها نوێنەری تەواوی ئۆرگانەکانی پارتی لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، کە بەپێی ئامارێک کە کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە چەند مانگ پێش بەستنی کۆنگرە دیاریدەکات، دەبەسترێت. ئەرک ودەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:
کۆنگرە باڵاترین ئورگانی بڕیاردانی پارتی سەربەستیی کوردستانە. باسکردن و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کومیتەی سەرکردایەتی کە لە کۆنگرەدا دەخوێنرێتەوە، لە کۆی بۆچوونەکان، کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر دەدات. بەشێکی دیکە لە کاری کۆنگرە پێداچوونەوەیە بەسەر ڕێبازی گشتی، سیاسی ، ستراتیژی، تاکتیکی، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پارتی، ئەگەر پێویست بوو دەستکارییان دەکا و بە زۆرینەی دەنگ پەسەندی دەکا. لە کۆتاییدا سەرۆکی گشتی و ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی سەرکردایەتی دیاری دەکا و هەڵدەبژێرێ.

## مادەی سیانزەیەم: کۆنگرەی نائاسایی

کۆنگرەی ئاوارتە (نائاسایی) بە مەرجێک دەگیرێت:
ئا: لەسەر داخوازیی زۆرینەی کۆمیتەی سەرکردایەتی.
ب: یان لەسەر داخوازیی دوو سێیەمی (٢/٣)ی ئەندامان و ڕێکخراوانی پارتی.

## مادەی چواردەیەم. کۆنفرانسەکانی پارتی

لە نێوان ٢ کۆنگرەدا ٢ کۆنفرانس دەبەسترێت. کۆنفرانسی یەکەم ساڵ ونیوێک پاش کۆنگرە دەگیرێت، بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمیتەکانی پسک، کۆنفرانسی دووەم ٤ مانگ پێش کۆنگرە دەگیرێت، کە تایبەتە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی تازەی کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی ناو پارتی و نوێنەرانی بەشدار بۆ کۆنگرە. پێشنیار و خۆئامادەکردن بۆ ئاڵوگۆڕی پێویست لە بەرنامە و تێکۆشانی پارتی. بۆ کۆنفرانسی هەر ڕێکخراویکی پارتی، نوێنەرێکی سەرکردایەتی وەک چاودێر بەشداری دەکات.

## ماددەی پانزەیەم : کۆمیتەی سەرکردایەتی

لە نێوان ٢کۆنگرەدا گەورەترین دەسەڵاتی بڕیاردەر لە سیاسەتەکانی پارتی،(لێژنەی سەرکردایەتی) یە.
**ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیتەی سەرکردایەتی:** بڕیارەکانی کۆنگرە بەڕێوە دەبا. بەرپرسی پێوەندیی پارتی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە. ئەندامانی سەرۆکایەتی پارتی هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرپرسن. ڕادە وبڕی حەقی ئەندامەتی ئەندامانیپارتی دیاری دەکا، و بەرپرسی داهات و دەرکەوتی حیزبە. ڕێبازنامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و هاوهەنگاویی نێوان ناوەندەکانی سەر بە کۆمیتەی سەرکردایەتی دادەنێ. لانی کەم ساڵێ سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بەشدار دەبن و دەنگی ڕاوێژکارانەیان هەیە. کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو سێیەمی (٢/٣) ی ئەندامانی ئەسڵی ڕەسمییەتی دەدرێتێ، بڕیارەکانی وەختێك تۆمار دەکرێن کە زیاتر لە دوو سێیەمی (٢/٣) ی ئەندامانی ئەسڵی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا دەنگیان بۆ بدەن.

## ماددەی شانزەیەم : جێگری کۆمیتەی سەرکردایەتی.

لەو کەسانە پێک دێن کە دەنگیان بۆ جێگری کۆمیتەی سەرکردایەتی هێناوەتەوە.
جێگری کۆمیتەی سەرکردایەتی مافی بەشداریکردنی هەموو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەیە، بەڵام مافی دەنگدانی نییە. هەر کاتێک ئەندامێکی ئەسڵی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەیەکی

کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بەشدارینەکرد، ئەوا جێگری یەکەم بە پێی ڕیزبەندی مافی تەواوی وەک ئەندامی ئەسڵ لەو کۆبوونەوەدا هەیە، جێگرەکان بەپێی ڕادەی دەنگەکان دادەنرێن. جێگری کۆمیتەی سەرکردایەتی بەبێ هەڵبژاردن دەتوانێ لە کۆنگرەی داهاتودا بەشداری بکات.

## ماددەی حەڤدەیەم: سەرۆکی گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان

سەرۆکی گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان لە لایەن ئەندامانی بەشداری ناو کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێت. واتە لە پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی، نۆرە دەگاتە هەڵبژاردنی سەرۆکی گشتیی پارتی.

ئەو کەسانە دەتوانن خۆیان بۆ سەرۆکی گشتیی پارتی هەڵبژێرن کە خاوەن ئەو مەرجانەی ژێرەوەبن.

ئا: وەک ئەندامی سەرکردایەتی دەنگیان هێنابێتەوە.

ب: لە نێۆ پارتیدا پێشترئەزموونی بەرپرسایەتی بووبێت و دیپلوماتی هەبووبێت،

پ: لانیکەم ٢ ساڵ ئەندام بووبێت لە ناو پارتی سەربەستیی کوردستان.

ت: تەمەنی لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت.

کۆمیتەی سەرۆکایەتی مافی ئەوەی هەیەکە: ئاگای لە هەموو کاروباری ڕێکخراوەکانی پارتی بێت، پێویستە ٣مانگ جارێك ئۆرگان وناوەندەکان ڕاپۆرتی کاری خۆیان نیشانی سەرۆکی گشتی بدەن.

## ماددەی هەژدەیەم: جێگری گشتیی سەرۆک

جێگر یا جێگرانی گشتی دەبێت کەسانێک بن لە وانە کە دەنگیان هێناوەتەوە بۆ ئەندامی سەرکردایەتی، یەک یان ٢جێگر لە لایەن کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە دیاری دەکرێت، لە سەر پێشنیاری سەرۆکی گشتی و لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی دەنگی زۆرینە مافی گۆڕانکارییان هەیە لە جێگرەکانی سەرۆکی گشتی، بەمەبەستی پەیداکردنی ئەزموون وڕاهێنانی وەک سەرۆکی داهاتوو.

## ماددەی نۆزدەیەم: کۆمیتەی سەرۆکایەتی

کۆمیتەی سەرۆکایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان پێک دێت لە سەرۆکی گشتیی و هەردوو جێگرەکانی، لە هەر کۆبوونەوەیەکی پارتی سەربەستیی کوردستان، یا هەر دیدارێکی دیپلوماتی پارتی لەگەڵ هەر ڕێکخراوێکی جیهانی، ئەگەر سەرۆکی گشتی ئامادەیی لەو شۆێنە نەبێت، ئەوا جێگری دیاریکراو بۆ شۆێنی مەبەست لە لایەن سەرۆکی گشتی یەوە دەسەلاتی تەواوی پێدەبەخشرێت

## ماددەی بیستەم: ڕاوێژکارانی سەرۆک و کۆمیتەی سەرکردایەتی

ڕاوێژکارانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە کۆنگرە یا یەکەم کۆبوونەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی پاش کۆنگرە دیاریدەکرێن. بەڵام ڕاوێژکاری بوارە جێوازەکانی کاری سەرۆکی گشتی، لە لایەن خودی سەرۆکەوە دیاریدەکرێن، ئەو ڕاوێژکارانە لە کۆبونەوەکانی کومیتەی سەرکردایەتی بەشداردەکرێن وهەروەها بەرپرسیارەتی ئۆرگانەکانی پارتیان پێدەسپێردرێت. ڕاوێژکاران کەسانێک دەبن کە لانیکەم ٦ مانگ وەک ئەندام لە نێو پارتیدا چالاک بووبێت، ڕاوێژکاران بەبێ هەڵبژاردنی کۆنفرانسەکان دەتوانن لە کۆنگرەدا بەشداری بکەن.

## ماددەی بیست ویەکەم: ناوەندەکانی پارتی

بەرپرسی هەر کام لە و ناوەندانە لە لایەن سەرۆکایەتی پارتی یەوە دیاری دەکرێن، کۆمیتەی تایبەتی بۆ چاودێری کردنیان دروست دەکرێت.

**١. ناوەندی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ و دەرەوە**

ئا: ناوەندی ڕێکخستنەکانی ناوخۆیی بۆ کاری ناوخۆ، بەرپرسی تەواوی مەڵبەندەکان و ڕێکخستنەکانە، هەر وەها ئاگای لە کارەکانی ناوخۆی پسک دە بێت. ئاگای لە کەمووکوڕی و پێداویستیە جۆراوجۆرەکان دەبێت، ولە ڕێگەی ناوەندەوە پێداویستیەکانی ناوخۆ دابین دەکرێت.

ب: ناوەندی دەرەوە بۆ کاری دەرەوە، بەرپرسایەتی تەواوی بۆ کاروباری پێوەندی دەرەوەی پسک لەگەڵ پارتە کوردییەکان و پارت و ڕێکخراوەکانی وڵاتانی جیهان هەیە، هەروەها بەپێی ڕێژەی ئەندامانی پسک لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان کۆمیتەی وڵات دادەمەزرێنێ.

**٢. ناوەندی ئابووری و دارایی**

ناوەندی ئابووری و دارایی، بە ئاگاداریی سەرۆکی گشتی پارتی سەرپەرستی لە داهات و دەرکەوتی دارایی پسک دەکات، مافی ئەوەی هەیە لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر داهات و دەرکەوتی پسک بکات. هە روەها پرۆژەی جۆراوجۆر دادەمەزرێنێ بۆ گەشەسەندنی ئابووریی پسک لە گشت بوارێکدا، پێویستە هەر سێ مانگ جارێک ڕاپۆرتی کارەکانی خۆی بداتەوە بە سەرۆکی پارتی.

**٣.ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی :**

ناوەندی ڕاگەیاندن وچاپەمەنی، سەرپەرەستی گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات، سەرپەرەستی بە چاپ گەیاندنی پەرتووک و بڵاوکراوەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان دەکات. ئەو ناوەندە ئارشیڤی کاری ڕاگەیاندن و وەرگێرانی سەر زمانە جیاوازەکانیشی لە ئەستۆدایە.

**٤. ناوەندی هز و هۆشیاری و مرۆڤایەتی**

ناوەندی هزرو هۆشیاری و مرۆڤایەتی، بۆ کاروباری پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها هەوڵ دەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ، واتە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهانەوە دەبێ. دەتوانێ لە هەموو ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات وناوەوەی پارتی نوێنەری تایبەتیی خۆی هەبێت. لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەوشی ژنان و مناڵانی کوردستان، بارهێنانی ژنان بۆ بەشداری لە دارشتنی سیاسەت بۆ کوردستان و هەروەها بۆ نێو ریزەکانی پسک لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە. کردنەوەی خولی جیاجیا بۆ تێکۆشەران، هەوڵدان بۆ بردنەسەرەوەی پلەی زانیاری، خوێندنەوەی کتێب بە شێوەی دیاریکراو، بەستنی کۆڕ و سمینیاری جۆراوجۆر. کردنەوەی دەورەی وەرزشی لە گشت بوارەکاندا بۆ ئەندامان و کادرەکانی شۆڕش و بارهێنانی لاوانی وەرزشکار بۆ کوردستان. هەروەها کۆکردنەوەی زانست لە بواری وەرزش لە جیهان و کوردستاندا. هەوڵدان لە ڕێگەی چەند مامۆستای لێزان و پسپۆڕ بۆ نووسینی کتێبی وانە وتنەوە بە شێوەیەکی نەتەوەیی بۆ فێربوونی گەورەساڵان و منداڵان بە زمانی کوردی و لە یەك نزیك کردنەوەی زاراوەکان بۆ دروستکردنی زمانێکی ستاندارد. هەوڵی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی زانستی پێویست بۆ ئەندامانی پسك بە خولی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی جۆری هزر و بیرکردنەوە بکرێتەوە بۆ بردنەسەری پلەی زانیاریی ئەندامانی پسك. گرینگی دان و پاراستنی کولتوور و فەرهەنگی کوردستان بە هەموو شێوەیەکی باش و زانستی.

**٥. ناوەندیی جۆگرافیا و سروشتی کوردستان**
کۆکردنەوەی زانستی پێویست لەسەر شار و شارۆچکە و نەخشەی تەواوی کوردستان. هەوڵدان بۆ دیاریکردنی جوغرافیای گشتی کوردستان و پاراستنی ئاسەوارە مێژوویەکانی کوردستان. ناساندنی شاخ و چۆم و سەیرانگاکانی کوردستان بە جیهان. کارکردن لەسەر ئەو شار و ناوچانەی کە داگیرکەران لەسەر جوغرافیای کوردستان دایان بڕیون.

## ماددەی بیست ودوویەم: پێکهاتەی ڕێکخستنەکانی پارتی

بناخەی ڕێکخراوەیی پارتی شانە و ڕێکخستنە، ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر و لە نۆ کەس زیاتر بێت. رێکخراوەکانی پارتی لە دێ، کۆمیتەی دێ، لە ناوچە، کۆمیتەی ناوچە، لە گەڕەك، کۆمیتە گەڕەك، لە شار، کۆمیتەی شار، لە شارستان، کۆمیتەی شارستان و لە ناوەند، کومیتەی ناوەند بەڕێوەیان دەبا. ئەرکی شانە و ڕێکخراو و کۆمیتەکانی دێ و گەڕەك و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی پارتییە بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵك و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی کاروباری پارتییە. کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێك لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرن. بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێك کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە دوو ساڵ جارێك لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی پارتی ئەو ڕێکخراوە پێك دێت.

## ماددەی بیست و سێیەم: داهات و ئابووری پارتی

داهاتی پارتی بریتییە لە حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی پارتی، داهاتی بنکە و بنیاتەکانی پارتی، یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی پارتی، داهاتی پڕۆژە و بڵاوکراوەکانی پارتی و یارمەتیە نێونەتەوەییە جۆراجۆرەکان.
کە مافی ئەندامەتی بۆ خۆێندکارو پەنابەرو کەم داهاتەکان لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان، مانگی٥ دۆلاری ئەمریکییە. بۆ ئەوانەش کە خاوەنی کارو داهاتی باشن لە دەرەوەی کوردستان، لە ١٠ دۆلاری ئەمریکی کەم تر نەبێت.


تێبینی : ئەم پێڕەوپرۆگرامە پێکهاتووە لە (٣) دەروازە، (١٥) بەش و (٢٣) ماددە.

www.psk2006.org sarbastikurd@gmail.com

........................................................................................................................

## ٤- دەروازەی چوارەم :

### ڕەشنووسی شێوەی حکومەتێکی کوردی بۆ دواڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پەسەندکراوی کۆنگرەی دووەمی پارتی سەربەستیی کوردستان
لە ڕۆژانی ١٤-١٥-١٦ ی فەبرواری ٢٠١٣ی زایینی.

# ڕەشنووسی شێوەی حکومەتێکی کوردی بۆ دواڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەرنامەی پارتی سەربەستیی کوردستان، بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بەشی یەکەم : پێشەکی.**

پارتی سەربەستیی کوردستان خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردستانە.

گەلی کوردستان لە ڕێفراندۆمێکی سەرتاسەریدا لە ناوچە کانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافی چارەی خۆنووسین یاریدەکات.

ئەگەر لە هەلی یەکەمدا گەلی کورد لە لایەن وڵاتانی دەرەکییەوە ڕێگایان پێنەدرا سەربەخۆیی تەواو ڕاگەیەنن و بۆ ماوەیەکی کاتی بە شێوەی کۆنفیدراڵیش بژین ئێمە پشتیوانی لە کۆنفیدراڵییەکی کاتی دەکەین کە ماوەکەی دیاریکرابێت بۆ ڕێفراندۆمێکی سەرتاسەری نەتەوەکانی بندەست. پارتی سەربەستیی کوردستان کار بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد دەکات، کە تێیداخەڵک دەسەڵات و یاسا هەڵبژێرێت.

هەروەها پارتی سەربەستیی کوردستان پشتگیری لە هەموو گەلانی بندەستی ئێران دەکات بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسی خۆیان.

ئێمە بەشێوەی خوارەوە بەرنامەی خۆمان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەخەینە بەردەست کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و خوازیاری وەرگرتنی بیرو بۆچوونی گشت پێکهاتەی سیاسی وئاینی و زاراوەیی نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**بەشی دووەم: ناو. ئاڵا، و شێوەی دەوڵەت، زمان و پارەی دەوڵەت.**

١- ناو : دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢ - شێوەی حکومەت: پەرلەمانی.

٣ – ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر هەمان ئاڵای کوردستان بێت کە وەک ئاڵای نەتەوەیی ناسراوە، بەڕاوێژکردن لەگەڵ پەرلەمانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەسانی پسپۆر و شارەزا ەو بوارەدا، دەتوانرێت لە گۆشەیەکی ئاڵاکەوە سیمبولێکی خۆرهەڵاتی کوردستانی پێوە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان بە سیمبولێکی جیاوازەوە لەو ئاڵا کەڵک وەرگرن. کە بەو جیاوازە کەمەوە، بەشی سەربەخۆکانی ڕۆژهەڵات و باکورو باشور و ڕۆژئاوای کوردستان دیاربن.

٤ - زمانی ڕەسمی وڵات : زمانی کوردی بێت، زمانی دووەم لە خۆێندنگاکان زمانی ئینگلیزی بێت.

٥ - پارەی ڕەسمی وڵات ( دراوی کوردی ) بێت DRAW

**بەشی سێیەم : دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

٦ - دەوڵەتی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشداری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دیمۆکراتی سەرتاسەرییەوە، کە نوێنەرانی خەڵک هەڵدەبژێرێن ئەوانیش دەوڵەت پێکدێنن.

٧ - دەوڵەتی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ یاساکانی کوردستان دیاری دەکات. و پێوەندی دیپلوماتی و سیاسی و ئاوبوری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ پێکدێنێت.

٨ - دەوڵەتی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرپەرەستی تەواوی سەرەوەت و سامانی کوردستانی دەکات و لە بەرژەوەندی ئاوەدانی و خۆشژیانی خەڵک کەڵکیان لێوەردەگرێت.

٩ – ئەرکی سەرەتایی دەوڵەتی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراندن و دروستکردنی هێزێکی یەکگرتوویی پێشمەرگەی کوردستان و پۆلیسیی کوردستانە.

ئا - پێشمەرگەی کوردستان: بۆ پاراستنی سنوورو سەرمایەکانی کوردستان

ب - پۆلیسی کوردستان بۆ پاراستنی ئاسایش و یاساکانی ناو کوردستان.

١٠ – دامەزراندنی دادگایەکی بێلایەنی گشتی کە سەرپەرەستی گشت یاساکان بکات، وسەروەری گشت لایەک بێت.

**بەشی چوارەم: هەنگاوی پەروەردەی بە پەلە.**

١١- کردنەوەی خوێندنگە بۆ گشت شارو ناوچەکان بە زمانی کوردی، بە ٢ شێوەی پەرفیشیونال بۆ گەورە ساڵان ومێرمنداڵان. کە هەوڵبدرێت لەماوەی یەکساڵدازۆربەی دانیشتوانی کوردستان فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بکرێت.

١٢- بە کوردی و ئینگلیزی کردنی وانەکانی خوێندن لە دوا ناوەندی و زانکۆکاندا، و لابردنی گشت ئاسەوارەکانی داگیرکەران کە وەک مێژوو ئەدەبیاتی فارسی لە کوردستاندا.

١٣- بە یاسایی کردنی جل وبەرگی کوردی کچانەو کورانە لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا.

**بەشی پێنجەم : پێڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتی و لەشساخی.**

١٥ - نۆژەنکردنەوەی گشت نەخۆشخانەکان و دروستکردنی نەخۆشخانە وبنکەی لەشساخی نۆی لە گشت شارو شاروچکەو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٦ - کردنەوەی شۆێنی تایبەت بۆ گەورە ساڵان و پێڕاگەیشتنی تەندروستی.

١٧- كردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییەکانی ئاید زو تووشهاتووانی مادەهۆشبەرەکان. بانگهێشتکردنی پزشکانی جیهانی بە مەبەستی هاوکاریکردن بۆ بنبرکردنی نەخۆشییەکانی مادەی هۆشبەر کە ئاسەواری حکومەتەکانی ئێرانی داگیرکەر بووە.

١٨– ناردنە دەرەوەی نەخۆشییە چارەسەر نەکراوەکان بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی وڵات.

١٩ – کردنەوەی ناوەندی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی ژنان و منالان.

٢٠ – چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکانی چارەسەر نەکراوی خەڵک بە شێوەیەکی یاسایی.

**بەشی شەشەم: گەشەی ئابوری لە کوردستان.**

٢١ - سەرپەرەستی گشت سامانە ژێر زەوییەکان، بەرهەمەکانی کشتوکاڵ، دارستان وهیدیکە، بە شێوەیەکی زانستی سەردەمییانە.

٢٢- کردنەوەی کارگەی جیاواز بۆ بەرهەمهێنانی گشت بەرهەمەکانی کوردستان لەبوارە جیاوازەکاندا.

٢٣ – دامەزراندنی سیستەمی سکات بۆ گشت ئەو کەسانە کە لەکوردستان کار دەکەن وداهاتیان دەبێت.

٢٤ – بە هێزکردنی بناغەیەکی ئابوری بۆ پاشکەوتی هەزینەی ئابوری لە کوردستان بۆ ئەگەری هەر جۆرە کارەساتێکی ئابوری لەناوچەکە ڕوو بدات.

٢٥ - ناردن و فرۆشتنی بەرهەمی بە کەڵک لە کوردستان، وەک نەوت، گوگرد، بەردی جۆراوجۆر، بنێشتی دارستانەکان. ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە. میوەو گیایی تایبەت.

٢٦ - دابینکردنی گشت کەرەسەی کارکردن بۆ کشتوکاڵێ بۆ گشت ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن. و کرینەوەی بەرهەمی گوندنشینان بە نرخێکی زۆر باش بە مەبەستی هاندانی زیاتریان.

٢٧- بانگهێشتکردنی کۆمپانیا بە کەڵکەکانی جیهانی بۆ وەگەر خستنی سەروەت و بەرهەمەکانیان لە کوردستان بە مەبەستی بە هێزکردنی کەرتی ئابوری لە کوردستان.

٢٨ - دابینکردنی کار بۆ بێکاران.

٢٩ – دابینکردنی یاسای بیمەی بێکاری تاکاتی پەیداکردنی کار.

٣٠ – دابینکردنی یاسای بیمە بۆ ژنانی دووگیان، تا بە ٢سالٚ گەیشتنی تەمەنی منالٚەکەیان.

**بەشی حەوتەم : کوردە دوورخراوەکانی ڕۆژهەلاٚتی کوردستان**

پێویستە دەولٚەتی سەربەخۆیی ڕۆژهەلاٚتی کوردستان پرۆژەی کاری بۆ کوردە دوورخراوەکانی ڕۆژهەلاٚتی کوردستان هەبێت، پێویستە هەنگاوی بە پەلە بنرێت بۆ ئاوردانەوە لە ژیان و مافەکانی ئەو کوردانەی کە دوورخراوەکان بۆ شار وناوچە دوورەکانی ئێران. بە شێوەی خوارەوە.

٣١ - لە ڕێگەی ڕێکخراوی کۆچ و کۆچبەرانی جیهانییەوە داوای هاوکاری ئابوری و ئاسانکاری بۆ ئەو کوردانە بکرێت کە ئەگەر بیانەوێ بە ڕەزامەندی خۆیان بگەرێنەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەلاٚتی کوردستان.

٣٢- هەولٚبدرێت لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، مافی فەرهەنگی و سیاسی کوردەکان لەو ناوچانە پارێزراو بێت.

٣٣- دەولٚەتی سەربەخۆیی ڕۆژهەلاٚتی کوردستان هاوکاری بە پەلەی پەروەردەو فێربوونی زمانی کوردی بگەیەنێتە ئەو کوردە دوورخراوانە.

**٣٤-** هەولٚبدرێت بۆ بانگهێشتکردنەوەی هەموو کوردێکی ئاوارەکراو بۆ دەرەوەی خاکی کوردستان، و دابینکردنی هاوکاری بۆ مافی نیشتەجێبوونیان لە ڕۆژهەلاٚتی کوردستان، ئەوەش وەک خالٚێک لە یاسای بنەڕەتی یان دەستوور دابینبکرێت. مافی گەڕانەوەی ناسنامەی کوردی وکوردستانیان دابین بکرێت، لە ڕووی زمانەوانی وکولتوورییەوە هاوکاری بە پەلەیان بۆ دابین بکرێت.

**ئەم ڕەشنووسە پێکهاتووە لە (١) دەرواز (٧) بەش. ٣٤ ( دێر)**